

# عەرەبستانی سعودی،

## وەهابیزم و بڵاوبوونەوەی فاشیزمی ئایینی سوننی

لە ئینگلیزییەوە: د.خەسرەو شاڵی

**باڵیۆز: کیورتن وینسۆر جەی ئاڕ2**

**2007 حوزەیران/ تەمووز**

1– دەستەواژەی وەهابیزم–مان بەرامبەر وەهابیەتی عەرەبی و Wahhabism ە ئینگلیزییەکە بەکارهێناوە، هەروەها فاشیزمی ئایینی–شمان بەرامبەر بە Theofascism بەکارهێناوە.

2– Curtin Winsor، Jr کیورتن وینسۆر جەی ئاڕ، لە (1983–1985) باڵیۆزی پێشووی US بوو لەوڵاتی کۆستەریکا، لەسەرەتای ساڵانی حوکمڕانی ڕیگاندا، نوێنەری تایبەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، هەروەها هەم بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی هەم خاوەنی کۆمپانیای خزمەتگوزاری کیمیاگەری ئەمریکی (مارمیت دەبڵ، ڤی)

و ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی چەند ڕێکخراوێکی بواری نەخشەسازی گشتی بووە، وەک دەزگای ولیام ئێچ دوونەرو دەزگای ئەنلەس بۆ توێژینەوەی ئابوری و ناوەندی توێژینەوەی میدیاو پەیمانگای هەدسون.

لە فیلادلفیا لە 28ی نیسانی 1939 لەدایکبووە، دەرچووی ساڵی 1961ی زانکۆی براونە لەبەشی زمانی ئینگلیزی، بڕوانامەی ماجستێری لەبواری لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەمریکای لاتینی (لە 1964) هەیەو لە 1971 یش دکتۆرای لەلێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لەکۆلێجی خزمەتی نێودەوڵەتی لەزانکۆی ئەمریکی لەواشنتۆن هێناوەتەوە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە درێژایی پێنج ساڵی ڕابردوو توانی بەشێکی مەزن لەژێرخان و کادیرە مەیدانییەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدەی ئوسامە بن لادن لەناوبباث، بەڵام لەبەرامبەردا بیروباوەڕی ئەم ڕێکخراوە، ئائێستاش هەر لەتەشەنەکردندایە بەگشت جیهان.

هەوڵەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ لەناوبردنی ئەم پەتایە سەرکەوتوو نەبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە سەرچاوەی ئایدۆلۆژی و مادی عەرەبستانی سعودییان لەپشتە، کە بۆ چەندین سەدەیە دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە لەگەڵ وەهابییە توندڕەوە موسوڵمانەکاندا هاوپەیمانن، ئەگەرچی لەڕواڵەتدا خانەوادەی شاهانەی دەسەڵاتداری عەرەبستانی سعودی خۆیان بەدۆستی ڕۆژئاوا دادەنێن، سەرەڕای ئاڕاستەکردنی هاووڵاتیەکی لەناوخۆدا بەم بیروباوەڕە توندڕەوییە، ئەوا حکومەتی سعودی بەشێوەیەکی زۆر دەستکراوە باروبۆی بڵاوبوونەوەی وەهابیزم لەگشت جیهاندا دەکات، دوور لەلێکدانەوەیەکی میانڕەوانە بۆ ئیسلام، بەهەمانشێوە تا لەناو سنووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش هانی ئەم شێوازە دەدات.

ئیدارەی بۆش هیچ کارێکی ئەوتۆی بۆ ڕێگرتن لەم هێرشە ئایدۆلۆژییە ئەنجامنەداوە، جگەلەوەی کە هەوڵیداوە بەهێمنی هانی خانەوادەی دەسەڵاتداری سعودیە بدات، تا دەست لەوکارە هەڵبگرن، (بەڵام بێئەوەی سەربکەوێت)، کێماسیش لەم سەرنەکەوتنەیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە، کەوا ئەمریکا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە بەرهەمی نەوتی سعودی دەبەستێت، ئەمریکا ڕەچاوی ئەو مەترسیانە دەکات، کە لەئاکامی نائارامی ئەم شانشینە بێنەپێشەوە، کە کاریگەری باشیان نەبێت، بۆیە ئەمەریکا ڕێگای بەدیموکراسی کردنی وڵاتەکەی وەک چارەسەرێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامە توندڕەوەکان گرتووەتەبەر، سەرەڕای ئەمانەش، سەرقاڵی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێرانیشە.

## ئەمەریکا ڕێگای بەدیموکراسی کردنی وڵاتەکەی وەك چارەسەرێك بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئیسلامە توندڕەوەکان گرتووەتە بەر

**باگراوند:**

وەهابیزم دەگەڕێتەوە بۆ وانەوتنەوەکانی موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب کە پیاوێکی ئایینی توندڕەوی عەرەبی ناوچەیی بوو، لەسەدەی هەژدەهەمدا ژیاوە، وەک هەموو بزووتنەوە ئیسلامییە ئسوڵییە سونەکان، وەهابیەکانیش لەپێناو گرێدانەوەی دین و دەوڵەتدا بەگەڕاندنەوەی شێوازی (خەلافەت)ی وەک ئەو حوکمەی کە خەلیفەکانی یەک بەدوای یەک پاش پێغەمبەر (محەمەد) پەیڕەویان کردبوو، ئەوەی وەهابیزم لەبزوتنەوە ئیسلامیە توندڕەوەکانی تر جیادەکانەوە، ئەو هەوڵدانە مێژووییە بەردەوامەیەتی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و پاککردنەوەی کۆمەڵگە لە سوفیەت و شیعەو هەموو ئەو موسوڵمانانەی کە پەیڕەوی ڕێگا چەوتەکەی ئەوان لەتەفسیری قورئانی پیرۆزی ئیسلامدا ناکەن.

لەساڵی 1744ی زایینیدا ئیبن عەبدولوەهاب هاوپەیمانییەتیەکی مێژووی نالەباری لەگەڵ خێڵی ئال سعود دا بەست، بەمەش توانی هێزێکی پاڵپشتیکەر بۆ سەپاندنی بیروباوەڕەکەی و زاڵبوون بەسەر نەیارەکانی پەیدابکات، لەبەرامبەریشدا ئال سعود لەهەڵمەتەکانیدا بۆ پاککردنەوەی خاک لە «بێ ئیمانەکان» لە 1801 ز هاوکاری وەهابیە توندڕەوەکانیان کرد، چەکدارەکانی ئال سعودو وەهابیەکان پەڕینەوە بۆ عیراقی ئەمڕۆو شاری کوفەی پیرۆز شیعەکانیان ئاڵانکردو نزیکەی 4000 کەسیان لێ کوشتن، دوای ئەوەی سعودییەکان لەساڵی 1920 دەستیان بەسەر مەککەو مەدینەدا گرت، هەموو مەزارە پیرۆزەکانیان لەناوبرد، وەک گۆڕستانی «جنەالباقی» کە چوار لە دوانزە ئیمامە شیعەکانی تیا نێژرابوون، (بەبیانووی ئەوەی کاری گۆڕهەڵبەستن «بدعەیە» و کاری ناڕەوایە).

پاش دامەزراندنی شانشینی عەرەبستانی سعودیە لە 1932، لەبەرامبەر ئەوەی کە وەهابیەکان پشتیوانی خۆیان بۆ دەسەڵاتی سیاسی خانەوادەی شاهانە لەبوارەکانی سیاسی، ئابوری و ئەمنی نیشاندا، ئەوانیش دەسەڵاتی تەواویان لەبوارەکانی ئاین و پەروەردە لەخوێندنگاکاندا بە وەهابیەکان، هەروەها ڕێگای تەواویشیان پێدرا بۆ بڵاوکردنەوەی تەفسیراتە توندوتیژەکانیان بۆ شەریعەتی ئیسلامی وەک قانون.

تا ساڵانی شەستەکان وەهابیزم لەچوارچێوەی جوگرافیای نیمچە دوورگەی عەرەبی تێنەدەپەڕی، بەڵام دوای ئەوەی کە شانشینی سعودیە داڵدەی پەنابەرە توندڕەوەکانی «ئیخوان المسلمین» ی دا، کە بەهۆی زەبروزەنگی ناسریەکان میسریان جێهێشتبوو، ئەمە بوو بەهۆی جۆرە تێکەڵبوونێکی تایبەتی لەنێوان وەهابیەکانK کە بەرەچەڵەک لایەنێکی دامەزراوەی ئیسلامی تەرە (دابراو) بوون لەشانشینی سعودیدا، لەگەڵ ئەو لایەنە ئیسلامیەدا کە پەیڕەوی چەمکی جیهادی و سەلەفی سەید قوتبیان دەکرد، ئەمانە تۆمەتی «عەلمانییەتیان» خستبووە پاڵ سەرکردە عەرەبەکان، بۆ دژایەتیکردنیشیان، جیهادیان بەجەنگێکی پیرۆزی ڕەوا دانا، سەرئەنجامی ئەم تێکەڵاوبوونەی وەهابیەکان کە بەکۆنەپەرست لەبواری کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە ناسرابوون، لەگەڵ قوتبیە توندڕەوەکاندا کە سیاسی رادیکاڵی توندڕەو بوون، لەم پرۆسەیەدا چەندین جۆر گروپی ئیسلامی سیاسی وەهابی لێکەوتەوە، سەرەنجام ئەمانە بوونە هۆکاری دروستبوونی «ئەلقاعیدە».

وشەی ئیسلامی فاشی islamodascism و فاشی ئایینی theofascism زۆرجار لەلایەن هەندێک لەڕۆژئاوایەکانەوە بەخراپ بەکارهێنراوە بۆ هەموو



محەمەد عەبدولوەهاب و بنەماڵەی ئال سعود

ئیسلامییە توندڕەوەکان، بەڵام ئەم وشانە زیاتر لەگەڵ نازناوی ئەم ڕۆژگارەی وەهابیزم دەقاودەق دێنەوە، کە ئەمانە لەدژایەتی سەربەستی تاک، بەسوک سەیرکردنی مافەکانی ژنان، پشتگوێخستنی بەها ڕاستەقینەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و هاندانی خەڵک بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دژی کافرەکان، کە ئەمجۆرە بیرکردنەوانە وێنەی لەناو بزوتنەوە ئیسلامیە ئسوڵییەکانی تر نییە.

دەسەڵاتی تاکڕەوی ئاینی سونەکان SUNNITHEOCRATIC TOTALITARIANISM وشەیەک بوو کە بەڕێوەبەری پێشووی CIA ئار جەیمس وۆڵزیی بەکاریدەهێنا بۆ بەدواداچوونی هەموو هەڵسوکەوتێکی ڕۆژانەو پلانەکانی ئەو بزوتنەوە ئیسلامیانەی، کە ویستی بەدەستهێنانی دەسەڵات «will to power» بڵاوبوونەوەیان بەسەرانسەری جیهاندا هەبوو، ,وۆڵزیی ئاماژەش بەوەدەکات کە لایەنگرەکانیان وا ئاڕاستە دەکرد، کە نابێت شکۆمەندی ئیسلامک لەپێناو هەردەستکەوتێکی نەتەوەیی، سیاسی، یان سنوری بخانەلاوە، دووەم دەستڕۆیشتووی ناو ئەلقاعیدە، ئەیمەن ئەلزەواهری، زۆر بەتوندی لەدژی بەشداربوونی ڕێکخراوی ئیسلامی فەلەستینی «حەماس» «ئیخوان موسلمین»ە میسریەکان بوو لەهەڵبژاردنە نیشتمانییەکاندا.

وەهابیەکان لەساڵانی حەفتاکاندا لەڕێگای زانکۆو مزگەوتەکانەوە، هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕانەو سەلەفی خۆیان دەدا، بۆ بەرهەڵستیکردن لەبڵاوبوونەوەی کلتووری ڕۆژئاوایی و گەندەڵی کە لەو ساڵانەدا لەئاکامی بوژانەوەی بواری نەوت سەریهەڵدابوو، لەبەرامبەردا خانەوادەی شاهانەو دامەزراوە ئایینیەکان بۆ بیانویەک دەگەڕان، کە لایەنگرانی ئەو توندڕەوییە فاشیە ئایینییەی وەهابیەکان خاوبکەنەوە، چونکە ڕادەی مەترسی کارە ترسناکەکانیان زیادی کردبوو، وەک لەو هەنگاوەی کە لە 1979 لەلایەن خوێندکارە ئایینییەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات بەدیارکەوت، ئەو ڕووداوەی کە بووە یارمەتیدەرێک بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسیانەی لەسەر بنەماڵەی شاهانە بوون، ئەوەبوو کە توانیان داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە وەک هەلێک بۆ ئەو مەبەستە بقۆزنەوە.

سعودیەکان بۆ پێشکەشکردنی باروبۆی موجاهیدە ئەفغانییەکان، بەرنامەیەکی یارمەتیدانی فراوانیان هەبوو، ئەوەشیان بەهاوکاری و ڕێککەوتن لەگەڵ دەزگای خزمەتگوزاری ناوخۆیی پاکستان (CIA (pakistans ISI و inter service intelligence agency ئەمریکی ڕادەپەڕاند، لەهەمانکاتدا باروبۆی خوێندنگە ئایینیە توندڕەوەکانیان، بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی محافزکارانەی نوێی وەهابیزم دەکرد، بەنیازی دەستبەسەرداگرتنی کامپی پەنابەرە ئەفغانییەکان لەپاکستاندا، سەرباری ئەمانەش، یاریدەدەری هەزاران جیهادی خۆبەخشی عەرەبستانی سعودیەو وڵاتە عەرەبیەکانی تریشیان دەکرد، تا شانبەشانی موجاهیدەکان بەشداری لەو شەڕەدا بکەن.

ئەم بەناو عەرەبە ئەفغانانە، دوای کشانەوەی سۆڤیەت لەساڵی 1988 لەئەفغانستان، لەپێناو بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەژێر ناوی

ئیسلام بەسەر «کافرەکان» بەزۆر شوێنی جیهاندا بڵاوبوونەوە، ئەمانە بەهاوکاری و یاوەری چەکدارە وەهابیەکان جێبەجێدەکران، دواتر هەرئەمانەش بوون بەکۆڵەکەی پێکهاتنی ئەلقاعیدە، لەسەرەتادا ئەلقاعیدە بنکەی خۆی لەوڵاتی سودان دانا، پاشان لە 1996 گەڕانەوە بۆ ئەفغانستان، دوای ئەوەی تاڵیبان دەستی بەسەر کابولدا گرتK کە هێزێکی تازەی ئەفغانی بوو، لەخوێندنگە وەهابیەکان پێگەیەنرابوون و لەلایەن پاکستانییەکانەوەش مەشق درابوون، ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی وەهابی بوو لەئەفغانستان وەک نموونە.

ئەگەرچی خانەوادەی شاهانەی سعودیە (لەژێر فشارێکی توندی ئەمریکا) ناسنامەی سعودییان لە بن لادن وەرگرتەوە، بەڵام وەهابیەکان کارێکی ئەوتۆیان نەکرد بۆ ڕێگەگرتن لەکۆکردنەوەی پیناک لەلایەن (ڕێکخراوە خێرخوازەکان) ەوە، چ لەناو سعودیەو چ لەدەرەوەی سعودیەدا، کە ئەم ڕێکخراوانە سەرچاوەیەکی سەرەکی بوون بۆ کۆکردنەوەی پارەیەکی زۆر بۆ ئەلقاعیدە، بەشێوەیەک هەڕەشە ئایینییەکانی وەهابیەکان وایکرد باروبۆ و سەرپەرشتیش بکرێن، بەشێوەیەکی گشتی بروایەکی وا هەیە، کە لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا بن لادن لەگەڵ ئەمیر تورک ئەلفەیسەڵی سەرۆکی ئیستخباراتی نەتەوەیی سعودیە، گەیشتبێتە ڕێککەوتنێک، کە قاعیدە هیچ جۆرە هێرشێک نەکاتەسەر شانشینەکەیان، ئەوانیش چاو بپۆشن لە پارە کۆکردنەوەی قاعیدە یان پلاندانان بۆ شوێنهەڵگرتنی بن لادن، لەڕاستیدا قاعیدە تا پێش 9/11 تەواو لەهێرش بردنەسەر شانشینی سعودیەوە لەناوخۆی وڵاتەکەدا دووربوو.

هێرشی تیرۆریستەکان و بەرەنگاربوونەوەی پۆلیسی سعودی لەگەڵ چەکدارە ئیسلامییەکان لەدوای مایسی 2003 دەستیپێکرد، ئەویش ماوە ناماوەیەک ڕوویدەدا، دوای ئەوەی (لەسەر پێداگرتنی واشنتۆن) حکومەتی سعودی دەستیکرد بەلێدانی بنکە نهێنییەکانیان لەناو وڵاتدا، بەڵام وادەردەکەوێت لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەو تیرۆریستانەی چوونەتە پاڵ ئەلقاعیدەوە، هەر پشت ئەستوورن بە پابەندبوون بەڕێککەوتنەکەی نێوان هەردوولا، بۆیە بەسەدان لەخەڵکانی سەر بەخانەوادەی شاهانە، بەبێ ئەوەی هیچ مەترسییەک لەسەر ژیانیان دروستببێت، بەسەربەستی بەفڕۆکە بەجیهاندا دەسوڕێنەوە، بەهەمانشێوە کاروباری پیشەسازی نەوت، کە بوارێکی زۆر هەستیارەو ئامانجی ئاشکراشن لەناو وڵاتەکەدا، بەڵام تەنها یەکجار کەوتووەتەبەر هێرشی تیرۆریستان و ئەوجارەش بەو توندوتیژییە نەبووە، سەرباری سنورداری هاوکارییەکانی خانەوادەی شاهانەی سعودیە بۆ ڕێگەگرتن لەسەرچاوەکانی تەمویلی تیرۆریستان، کەچی لەبەرامبەردا بەنهێنی پشتیوانی لەبڵاوبوونەوەی وەهابیزم دەکەن و ڕێگرنین لەوەی تیرۆریستان چەکداری پێویست بۆ پەرەپێدانی خۆیان پێبگەیەنن.

**چەسپاندنی بیروباوەڕی وەهابی:**

«ئادەمیزاد... جیاوازی لەهەموو گیانلەبەرەکانی تر، پێویستی بەئامۆژگاری و ڕێنیشاندەری باش و سروشتی لەبار هەیە، تا بگاتە قۆناغی زۆر بەرزو ڕەوشتی زۆرباش، بەڵام ئەگەر کەموکوڕی لەو پەرەوەردەکردنەدا هەبێت، ئەوا ئەو مرۆڤە دەبێتە دڕندەترین گیانلەبەری سەررووی زەمین».(ئەفلاتون)

وا مەزەندە دەکرێت کە زۆر زیاتر لە یەک لەسەر سێی پرۆگرامی خوێندن لەخوێندنگە گشتییەکانی عەرەبستانی سعودیە تەرخانکرابێت بۆ وتنەوەی وەهابیزم، لەدوای 9/11 میدیای ئەمریکا دەریدەخات کە چەند بەشێک لەناوەڕۆکی کتێبە سەرەکییەکانی خوێندنگەکانی سعودیە هەڵوێستی توندڕەوی دەوروژێنن، بۆ نموونە، یەکێک لەو کتێبانەی خوێندکارانی قۆناغی 9ی خوێندن هەیانە، وای بڵاودەکانەوە کە «ڕۆژی قیامەت نایەت، تا موسوڵمانەکان شەڕی جولەکە نەکەن و نەیانکوژن»، کتێبێکی تریان سورە لەسەرئەوەی کە موسوڵمانەکان هەردەبێت کافرەکان بەدوژمنی خۆیان دابنێن، حکومەتی سعودیە لەشەرمەزاریدا وای خستەڕوو، کە پێداچوونەوەیەکی تێرونەسەل لەپرۆگرامی خوێندندا دەکات، کە هەموو ئەو جوێن و بۆچوون و سەرچاوانە لادەبات، بەڵام لە

ڕاپۆرتێکی گرنگی ماڵی ئازادی free house ساڵی ڕابـردوودا سەبارەت بەپرۆگرامە نوێیەکەی خوێندن «گومان دەخاتەسەر» ئەو گۆڕانکارییانەو ئاماژە بەوەدەکات، کە هێشتا لەپرۆگرامی خوێندنی سعودیەدا ئەمجۆرە بۆچوونانەی کە ڕق و کینە لەدژی مەسیحییەکان، جولەکەکان، شیعەکان، سۆفیەکان، هـیـنـدۆسـەکـان، مـولـحـدەکـان و هەموو ئەو موسوڵمانە سونیانەش کە پـەیـڕەوی وەهابیزم ناکەن، هەروەها لەدژی گەلێک گروپ و خەڵکی تریش هەر بەردەوامن.

هـەنـدێـک شـیـکـەرەوە دژی ئـەو بـۆچـوونـەن، کە وەهابیزم ڕێخۆشکەرییە بۆ کینەتۆزی، لەسەر ئـەو بنەمایەی کـە «بـڕوابـوون بەبۆچوونێکی کۆنەپەرستی و دژ بەعەلمانییەت، مـەرج نییە پەیڕەوکەرانی ئـەو بیروباوەڕە بگۆڕێت بۆ دۆخێکی توندڕەوی و وا بکات حـەز بەئاژاوەگێڕی بکەن»، بەڵام ئەو بۆچوونە ڕاست نییە، لەبەرئەوەی ئەگەر تەنها لە سـەدا یـەک لـەو پێنج ملیۆن خوێندکارە سعودیانە، لەڕێگای وەرگرتنی ئەمجۆرە وانانەوە مل بدەنە توندڕەوی، ئەوا 50 هەزار موجاهیدیان لێهەڵدەکەوێت، هیچ جێگای سەرسوڕمان نییە، کـە بـن لادن لەپشت دژایـەتـی دەستێوەردانی دەرەکی لەپرۆگرامی خوێندنی قوتابخانە سعودیەکانەوە بـوویـێـت، وەک لەکاسێتەکەی ئەپرێلی 2006یدا هاتووە.

سەرباری ئەوجۆرە وانانەی کە سەردانی وەهابیەکان لەناوخۆی سعودییەدا بـۆ پشتیوانیکردن لـەکـاری جـیـهـاد بـۆ دژایـەتـی دوژمنانی ئیسلامی «ڕاستەقینە» لـەدەرەوەی سعودیە دەیـدەن، هـەروەهـا لەسەر دژایـەتـی زۆر دڵڕەقانەی شیعەکان، بەتایبەتی کۆکن، عەبدولڕەحمان ئەلبەڕاک کە پلەبەرزێکی وەهابی نزیک لەخانەوادەی شاهانەی سعودیەیە، لەکانوونی یەکەمی 2006 «شیعەی» بەکەرتێکی شەیتان نـاوبـردن، هەروەها ئەوانەی زۆر لەجولەکەو کریستیانەکان بەمەترسیدارتر لەقەڵەمدا، لەتشرینی دووەمـی 2004 دا 26 کـەس لەسەرانی وەهابی کە لەزانکۆ ئایینییەکانی سعودیە مامۆستا بوون، لەلایەن حکومەتی سعودیەوە پشتیوانی دراوی دەکران، بانگەوازێکیان بۆ جیهاد لەدژی هێزەکانی ئەمریکا لەناو عیراقدا بڵاوکردەوە، هەروەها دوو کاربەدەستی تری سعودیەش لەچاوپێکەوتنێکیاندا لەگەڵ میدیای ڕۆژئـاوای هـەمـان فتوایان دا، بەڵام ئەم فتوایە لەلایەن میدیا ناوخۆییەکانەوە بەزمانی عەرەبی بڵاونەکرایەوە.

دوای چەند مانگێک کۆمەڵێک سعودی یاخی بـوو، کاسێتێکیان بڵاوکردەوە کە سەرۆکی ئەنجومەنی بـاڵای دادوەری سعودییە (ساڵح بن محەمەد ئەللوحەیدین) تیادا نمایشدەکات کە چۆن لەمزگەوتێکی سەر بەحکومەتەوە هانی گەنجانی سعودیە دەدات، کە بەدزی بچنەناو عیراقەوەو شەڕی ئەمریکا بکەن، لەکاسێتەکەدا دڵنیایان دەکاتەوە کـە هـێـزەکـانـی ئیستخباراتی سعودی دوای گەڕانەوەیان بۆ وڵات هیچ سزایەکیان نەدا، ئەگەرچی ئەللوحەیدین لەم هەڵوێستەی بەئاشکرا پاشگەزبووەوە، بەڵام ئەو کاسێتە ڤیدیۆییانەی کە پیاوە ئایینییە نـاودارەکـانـی سعودییە تیایاندا هانی خەڵک دەدەن و ئامۆژگاریان بۆ جیهاد دەکەن زۆر بەرچاو و ئاشکران.

**ڕەوانەکردنی قینەبەرایەتی بۆ دەرەوەی وڵات:**

لەکاتێکدا کە لەهەموو جیهاندا هاووڵاتی سعودی لەڕیزی پێشەوەی هاندەرانی فاشیەتی ئایینی ئیسلامن، بـەڵام دەرفـەتـەکـانـی مـانـەوەو پـەرەسـەنـدنـی ئـەم بـیـروبـاوەڕە لەڕاستیدا دەکەوێتە دەرەوەی سنوری ئەو وڵاتە، بەلانی کەمەوە سعودیەکان 87 بلیۆن دۆلاریان لە 20 ساڵی ڕابـردوودا بۆ پشتگیری وەهابیەکان لـەدەرەوەی وڵات سەرفکردووە، باوەڕیشوایە کە ئەم ڕێژەیە زیاتریش بوو‌بێت بەهۆی

> **بەلانی کەمەوە سعودیەکان 87 بلیۆن دۆلاریان لە 20 ساڵی ڕابردوودا بۆ پشتگیری وەهابیەکان لەدەرەوەی وڵات سەرفکردووە**

**زۆربەی موسوڵمانە سونەکان بۆ ئامۆژگارییە ئاینییەکان پەنا بۆ ئیمامە لۆکاڵیەکانی خۆیان دەبەن**

بەرزبوونەوەی بێشوماری نرخی نەوت لەجیهاندا، کە بەشی زۆری ئەم پارانەش بۆ مەسروفاتەکانی بیناکردنی مزگەوت و خوێندنگا ئاینییەکان و دامەزراوە ئاینەکان تایبەت بەبواری وەعزخوانی وەهابیەت دەڕوات، بەشێکی تریشی تەرخانکراوە بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی ئیمامەکان، کۆنترۆڵکردنی بواری ڕاگەیاندن و چاپەمەنی، هەروەها بڵاوکردنەوەی کتێب و بڵاوکراوەکانی وەهابیەت، بەشداریکردن لە دەستەبەرکردنی بودجەی زانکۆکان، بەمەبەستی گۆڕینی کادیرەکانیان لەبەشەکانی ئەم زانکۆیانەدا بەکەسانی سەر بەبۆچوونەکانی خۆیان، بە بەراوردکردن لەگەڵ پارتی کۆمۆنستی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و بەرەی کۆمۆنیستییەکان، دەردەکەوێت لەساڵەکانی 1921-1991 دا بودجەی ئەوان بۆ پروپاگەندەی ئایدیۆلۆجی تەنها 7 ملیار دۆلار بووە.

نەبوونی ڕیزبەندییەکی هێشووی، کەنیسەیی، ڕەسمی لەچوارچێوەی ئیسلامی سونەدا، بووەتە هۆکارێک بۆ لاوازبوونی دامەزراوە ئاینییە تەقلیدییەکان لە ڕوبەڕوبوونەوەی چالاکیە تەبشیریەکانی ئەو وەهابیانە، کە پاڵپشتێکی دراوی چاکیان هەیە، زۆربەی موسوڵمانە سونەکان بۆ ئامۆژگارە ئاینییەکان پەنا بۆ ئیمامە لۆکاڵیەکانی خۆیان دەبەن، لەوڵاتە هەژارەکانیش ئەم ئیمام و ڕابەرە لۆکاڵیە بەدەسەڵاتانە ناتوانن بەئاسانی ڕوبەڕووی ئەو زەنگە مەترسیدارەی ئەو کەمینە وەهابیە بە ئیمکانییەتانە بنەوە کە پشت ئەستورن بەو یارمەتییە مشانەی بەردەستیان کە سعودیەکان بۆیان دەستەبەر دەکەن.

گرنگترین ئەو شوێنانەی کە لەڕیزی پێشەوەی ئەم ململانێیەدا دێن، دەکەونە باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە زۆرینەی دانیشتووانەکانیان موسوڵمانن، لەوڵاتانی پاکستان، ئیندۆنسیا، فلیپین، مالیزیا، و باشووری تایلاند، وەهابیەکان ئیمامی مزگەوتەکانی لادێ و گەڕەکەکانی دەوروبەر دەگۆڕن بەلایەنگرەکانی خۆیان یان خۆیان ئیمامیان بۆ دەستنیشاندەکەن، بۆ ئەو مەبەستەش سوود لەو کرێکارە میوانانە وەردەگرن، کە لە سعودیە کاریانکردووە، دوای ئەوەی کە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، ئەمەش پاش مێشک پڕکردنیان و لادانیان بۆ سەر وەهابیەت، هەروەها منداڵەکانی ئەمانیش دەنێردرێن بۆ عەرەبستانی سعودیە بۆ «پەروەردە کردن»، زۆر لەم منداڵانە کە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان دەبنە گوللەتۆپ لەڕیزەکانی پێشەوەی چەکدارە وەهابیە تیرۆریستەکان، لەهیندستانیش هەوڵێکی لەوبابەتە لەئارادایە بۆ سەرنجڕاکێشانی ئەو موسوڵمانانەی ئەوێش، کە کەمینەیەکی مەزنی ئەم وڵاتە پێکدەهێنن، سەرباری ئەوەی کە ژیانێکی پڕ لەهەژاری داخراوی نەگۆڕیان هەیە لەو وڵاتەدا.

وەهابیەکان هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆیان لەکۆمارەکانی سەر بەیەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەئاسیای ناوەڕاست بەدەستنەهێناوە، سەرەڕای ئەوەی کە دامەزراوە ئیسلامیە تەقلیدییەکان بەهۆی حوکمڕانی چەندین ساڵەی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان لاوازبووە، هەروەها هەندێک لەحکومەتە تازەکانی ئەم وڵاتانە بەتایبەتی ئۆزبەکستان زۆر بەتوندی دژایەتی گروپە چەکدارە ئیسلامیە توندڕەوەکان دەکات و هانی سیستمی فێرکردنی ئیسلام لەسەر مەزهەبی حەنەفی تەقلیدی دەدات، کە گیانی ئاشتیخوازی و لێبووردنی ئیسلام دەچەسپێنێت، لەڕاستیدا ئەفریقا ناوچەیەکی زۆر مەترسیدارە بۆ بڵاوبوونەوەی بۆچوونی وەهابیەت، ئەوەش زیاتر دەگەڕێنەوە بۆ ئەو «حکومەتە سەرنەکەوتووانە»و ناکۆکیە

بەردەوامە کۆمەڵایەتیەکان، کە هەمیشە لەتەقینەوەدان بەتایبەتی لەسودان و نێجیریا.

لەهەموو ئەو ناوچانەدا دانیامێکیەتی پەیڕەوی سەرەکی بۆ سەرخستنی وەهابیەت لەسەر هەمان بنەمایە، ئەویش سامانە زۆرەکەی عەرەبستانی سعودیەیە، کە کاریگەری وای هەیە لەسەر وەهابیزم، کە بتوانی بۆ چوونە دینییەکەی بەهەموو جیهاندا بڵاوبکاتەوە، ئەویش نەک هەر تەنها بەپشتبەستن بەکارە سەرەکییەکانیان، کە خوێندن و پەروەردەی ئایینییە، لێکدانەوەی ڕۆژنامەنووسی سۆماڵی بەشیر گوسار لەهەموو جیهاندا دەنگیداوەتەوە کە دەڵێت: «وڵاتەکەی ملکەچی کلتووری ئیسلامی سوننی بوو، بەڵام شێوەیەکی کەی ئیسلام ئەم ئاڕاستەیەی خستەلاوەو لەجێگایدا وەهابیزم گەیشتووەتە قوڕقوڕاگەی میللەتەکەمان، بەهەر لایەکدا مرۆڤ بڕوات، ئەو ڕەوتە چەوتە نەشازەی ئیسلام بەدیدەکات».

بڵاوبوونەوەو پەیڕەوکردنی وەهابیزم هەر لەچوارچێوەی جیهانی ئیسلامیدا نییە، هەزاران مزگەوت، خوێندنگاو جۆری تری بنکەی ئیسلامی لەڕۆژئاواشدا کە کەمایەتیەکی موسوڵمانیان تیا دەچی، هەن، لەماوەی ئەو 30 ساڵەی ڕابردوودا ئەم دۆخە بە بەردەوامی لەگەشەکردندا بووە، ئەمەش چاکترین کەلێنە بۆئەوەی وەهابیەکان لێیەوە دزەبکەن بۆ قۆستنەوەی بوارەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی لەئەوروپای ڕۆژئاواوە، بۆ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕەکانیان، کە ڕێژەی بێکاری بەردەوامیان تیادا بەرزە، ئەم وڵاتانە بوونەتە حەشارگەی ژمارەیەکی زۆر لەگەنجی موسوڵمانی خاوەن توانای کارکردن، کە کاریان دەستناکەوێت و بێکارن، بەمجۆرە «بووەتە جێگای حەسانەوەی هەمیشەییان، بەڵام لەسەر حسابی شکۆمەندی مرۆڤایەتی خۆیان»، لەئاکامی ئەم بۆشاییەدا، ئەمە بووەتە هۆکاری دەستپێکردنی ڕەشەبایەکی تەواو و کاتێکی گونجاو بۆ بەگەڕخستنی تیرۆریستان، ئەنجامدانی هێرشەکەی 2005 بۆ سەر مێترۆی لەندەن بەڕەگەز پاکستانی بوون، بەڵام لەبەریتانیا لەدایکبووبوون، لەکاتی سەردانیان بۆ پاکستان مەشقی بەکارهێنانی چەک، تەقینەوەیان پێکرابوو، هەروەها ئەو هۆڵەندیە بەڕەگەز مەغریبەی کە لە 2004 تیۆ فان کۆخی دەرهێنەری کوشت (لەبەرئەوەی فیلمەکەی ڕەخنەی لەئیسلام دەگرت) بەرهەمی کاریگەرێتی وەهابیزم بوو.

بۆ ڕاکێشانی خەڵکان بەلای خۆیاندا، وەهابیەکان لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە بەراورد بەئەوروپا کەمتر سەرکەوتوو بوون، لەبەرئەوەی لەو وڵاتە ڕادەیەکی کەمتر گەنجی خاوەن توانای بێکار هەن، گەنجە بەتوانا بێکارەکان و کۆچبەرەکان، تا بۆ ماوەیەکی زۆر بیمەی بێکاری وەربگرن، (ئینجا ئەمانە چ موسوڵمان بن یان غەیرە موسوڵمان)، بۆیە ئەمانە هەمیشە منەی ژیانێکی گونجاو و چەسپاوتر دەکەن.

هیچ گومانیش لەوەدانییە کە وەهابیەکان بەدزەش بێت خۆیان دەگەیەننە ناو ڕێکخراوە ئیسلامیە سەرەکییەکانی ناو ئەمریکا، لەڕاپۆرتێکی ماڵی ئازادی ساڵی 2005 هاتووە، کە دوای پیاچوونەوەی زیاتر لە 200 کتێب و بڵاوکراوەی سەر بە 10 لەو مزگەوتانەی ناو ئەمریکا کە سعودیە پشتیوانی مادیان دەکات، لەسەر یەکێک لەو بڵاوکراوانە، کە مۆری باڵیۆزخانەی سعودیەی لەو وڵاتە پێوەیە دەرکەوتووە، کە لەڕێگای مزگەوتی شا فەهد لە لۆس ئەنجلس بڵاوکراوەتەوە، تیایدا ئامۆژگاری ئەو موسوڵمانانە دەکات کە لەئەمریکا دەژین. دەڵێت: دووربکەونەوە لە کافرەکان، لەبەر دینەکەیان هەمیشە قینتان لێیان بێت، وازیان لێبهێنن، هەرگیز پشت مەبەستن بەیارمەتیدانیان، حەز لەچارەیان مەکەن، بەهەر شێوەیەک بێت، بەپێی دەستووری ئیسلام. هەمیشە بەرهەڵستیان بکەن.

هەرکەسێک یارمەتی ئەوانە دەدات کە بڕوایان بەخوا نییەو لەدژی موسوڵمانەکانن، ئەوا ئەوانە خۆشیان دەبێت بخرێنە خانەی ئەوانەی کە بڕوایان بە خوا نییەو نابێت هیچ جۆرە حسابێک بۆ یارمەتیەکەیان بکرێت، هەرگیز دەستپێشکەری مەکە لەسڵاوکردن لەکریستیان و جولەکە، بەهیچ جۆرێک پیرۆزبایی لەکافر مەکە بەبۆنەی جەژنەکانیانەوە، هەرگیز بڕادەری کافر مەکە، ئەگەر بۆ




هەڵگەڕانەوەیان نەبێت بەلای خۆماندا، هەرگیز دوای ڕێوشوێنی کافر مەکەوەو بەهیچ جۆرێک هیچ کارێک بۆ کافر مەکە، بەهیچ جۆرێک بەرگی تایبەت بەئاهەنگی دەرچونەوە لەبەرمەکە، چونکە ئەوە لاساییکردنەوەی کافرەکانە.

هەرچەندە لەدوای 9/11 وە ئەو ڕێکخراوە ئاینیانەی کە لەلایەن سعودیەوە ئەموویل دەکرێن، زۆر بەزەقی هانی خەڵکی نادەن بۆ کاری تیرۆریستی، بەڵام بێشەرمانە دژایەتیان لەدژی ئەوانەی کە موسوڵمان نین، یان خۆیان لەئیسلام دوورخستووەتەوە دەخەنەڕوو، لەڕاستیدا دەیانەوێت لەئەمریکا هەمان باروودۆخ بسازێنن، کە لەئەوروپا دروستیانکردووە، کە ئاگر خۆشکەرییە بۆ تیرۆرو نائارامی، لەمێژە حکومەتی ئەمریکی وەکو نوێنەری کۆمەڵگەی موسوڵمانە ئەمریکییەکان سەیری ئەو دامودەزگایانە دەکات، کە سعودیە بە پارە پشتیوانیان لێدەکات، وەکو ئەنجومەنی موسوڵمانانی ئەمریکا AMC کە دامەزرێنەرەکەی عەبدولڕەحمان ئەلمودەیە، لەکاتی هەردوو سەرۆکی ئەمریکی کلینتۆن و بۆش-دا زووزوو سەردانی کۆشکی سپی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا پشتیوانی لەڕێکخراوی تیرۆریستی حەماسی فەلەستینی دەکرد (ئێستا بەتۆمەتی ڕازی بوون بەوەرگرتنی سەدان هەزار دۆلار لەحکومەتی لیبیا بەشێوەیەکی نایاسایی زیندانی کراوە).

لەڕێگای سیاسەتمەدارە پلەبەرزەکانەوە ئەمجۆرە گروپانە توانیویانە بگەنە ناو بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەزگای زیندانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا منمانەی هەبوو بە (بەناو) خوێندنگەی دەرچووانی زانستی ئیسلامی کۆمەڵایەتی (GSISS) کە حکومەتی سعودییە بە پارە پاڵپشتیان دەکات، بۆیە لاری نەبووە لەوەرگرتنی ئەو بڕە پارەی کە پێیبەخشیون، نموونەیەکی زۆر زەقی ئەمجۆرە دزەکردنەیە لەڕێگەی کارەکەی ئیمام دین عومەرە کە بەڕێوەبەری ئایینی بەشی چاکسازی ویلایەتی نیویۆرک بوو، عومەر کە بەڕەگەز ئەمریکییەو ئایینی خۆی گۆڕیوە بۆ ئیسلام، دەرچووی (GSISS)ە دوو جار سەردانی سعودیەی کردووە، لەڕێگای ئەو پیاوە دینیانەی بەکرێی گرتبوون، توانیویەتی بەئاسانی بگاتە ئەو 1300 موسوڵمانەی کە لەدەزگای زیندانەکانی نیویۆرکدا کاریاندەکرد، بەپێی بۆچوونی (جۆن ئێس ۆستول) یاریدەدەری بەڕێوەبەری دژە تیرۆرەکانی FBI، ئەم عومەرە «توانیویەتی ڕێگری بکات لەزیندانییەکان تا نەتوانن بگەنە ئیمام و سەرچاوە سەرەکییەکان (مەبەستی ئیمام و سەرچاوە سەرەکیە میانڕەوەکانە- وەرگێڕ)»، هەروەها هانی گیراوەکانی داوە بۆ دژایەتی ئەمریکاو فەتوای ئەوەشی داوە، کە ئەوانەی کارە تیرۆرەکەی 9/11

ڕاپەڕاندووە، دەبێت هەمیشە وەک شەهیدو پاڵەوان یادبکرێنەوە.

هەرچەندە بەڵگەی کەم هەیە لەسەر گەیشتنی قاعیدە بۆ ناو بەڕێوەبەرایەتی زیندانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام ڕووداوەکانی ناو زیندانەکان جێگای سەرنجڕاکێشانن، یوسی پادیلا (کە لە 2002 بەتۆمەتی ڕێککەوتن لەگەڵ قاعیدە بۆ تەقاندنەوەی بۆمبێکی تیشکپژێن (مشع) لە «بۆمبی چەپەڵ» لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستگیرکرا) بەڕەگەز ئەمریکییەو لەکاتی گیرانیدا تازە بووبوو بەئیسلامێکی توندڕەو، هەروەها ڕێچارد ڕید (کە ناسراوە بەتوندڕەوی بۆمباوی) ئەویش لە 2001 لەبەریتانیا دەستگیرکراوە، هەروەها ئەبو موسعەب ئەلزەرقاوی لە ئوردون.

ئەنجومەنی هێزە چەکدارەکان و کاروباری جەنگاوەرە دێرینە موسوڵمانەکانی ئەمریکا (کە بەشێکن لەئەنجومەنی موسوڵمانی ئەمریکا AMC) بەیەکەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی موسوڵمانانی ئەمریکای باکوور ISNA کە سعودیە تەمویلیان دەکات، بەتەواوی دەستیان بەسەر مافی هەڵبژاردن، مەشقپێکردن و تەزکیەکردنی هەموو ئەو موسوڵمانە ئسوڵیانە داگرتبوو، کە وەردەگیران بۆ چوونەناو هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا.

ئاشکرایە کە سعودیەکان زیاد لە 100 لەئەندامانی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکایان لەسەر حسابی خۆیان ناردووە بۆ مەککە، وەک هەلێک بۆ حەج کردن، ئەلموەدی توانی وابکات کە پەیمانگای زانستی عەرەبی ئیسلامی IIAS کە سەر بە سعودیەیە، ئەرکی خوێندن و مەشقپێکردنی ئەو «سەربازو مەدەنییە ئەمریکیانەی بگرێتە ئەستۆ لەڕووی ڕێنمایی ڕۆحیەوە، هەرکاتێک ئەگەر مامۆستای ئایینی ئیسلامی دامەزراو (فەرمانبەر) بەدەستنەکەوێت»، بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی the wall street ئەو بەڵگەیە هەیە کە: «خوێندنگای...3 وانەی دەمارگرژی و ئەنتی ڕۆژئاوا لەڕوانگەی ئەو ئیسلامەتیە بڵاودەکاتەوە، کە دامەزراوە ئایینییەکانی شانشینی (سعودییە) پەیڕەویدەکەن.

هەرچەندە ساڵی پار باڵیۆزی سعودیە لەواشنتۆن ڕاگەیاند، کە حکومەتەکەی بەڵێنیداوە «پێداچوونەوەی زۆر چڕ» بکات بۆ هەموو چالاکییە تەبشیریەکان کە لەوڵاتە یەکگرتووەکان ئەنجامدەدرێن، بەڵام زۆر ئاشکرایە کە سعودیەکان بەمجۆرە ڕاگەیاندنە، دەیانەوێت بەناوی لەسەر خۆیان لابەرن، نەک دەستبەرداربوون لەکۆنترۆڵکردنی دامەزراوە ئیسلامیەکانی ئەمریکا.

**هۆکارەکانی کەمتەرخەمیی ئەمریکا:**

ئیدارەی بۆش خۆی لەفشاری توندو دژ بەسعودیەکان دەپارێزێت، سەبارەت بەبڵاوکردنەوەی وەهابیەت، سەرباری ئەوەی کە مەترسیەکی گەورە لەسەر ئەمنی ئەمریکا لەلایەن فاشیستە ئایینییە

**بڵاوبوونەوەو پەیڕەوکردنی وەهابیزم هەر لەچوارچێوەی جیهانی ئیسلامیدا نییە، هەزاران مزگەوت، و بنکەی ئیسلامی لەڕۆژئاواشدا هەن**

سوننییەکانەوە هەیە، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکە.

هۆی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پشتبەستنی ئەمریکا بەعەمباری ئێجگار زۆری نەوتی شانشینەکە، کە وای لەسعودیە کردووە توانای بەرهەمهێنانی 3 ملیۆن بەرمیل نەوتی یەدەگی هەبێت لەڕۆژێکدا، ئەم ڕادەیە لەیەدەگی نەوتی پێیدەوترێت «وزەی پارسەنگی چەکی ئەتۆمی» چونکە ئەم ڕاستیە سعودیەی خستووەتە خانەیەکی بێهاوتاوە بۆ ئەوکاتانەی کە گرژی لەبازاڕی نەوت دێتەپێشەوە، ئەو دەتوانێت جێگای وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی تر بگرێتەوە، کە کاریگەری بەسەر گواستنەوەو نرخی نەوتەوە دەبێت، کە ئەمەش هیچ گومانی تێدانییە، خزمەتێکە بەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو (وڵاتە پیشەسازییەکانی تر)

# لەئاکامی داگیرکردنی ئەفغانستان و عیراق لەلایەن ئەمریکاوە، بووەتە هۆی پەرەسەندنی جیهادی چەکداری

دەیکات لەبەرامبەر بەدابینکردنی پاراستنی شانشینەکە، سەرباری ئەوەش، بەهانەیەکی تریش ئەوەیە ئەگەر هاتوو جیهان بەشێوەیەکی توندوتیژ کەوتە سەنگەری دژایەتی پەرەسەندنی بوغزو قینی ئایینی سعودییەکان، ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە چەکی نەوت لەلایەن سعودییەکانەوە بەکاربهێنرێت، کە ئەمەش کارێکی باش نییە، بەمەش بارودۆخی هەموو جیهانی پێشکەوتووی پیشەسازی دەشێوێت، لەهەمانکاتدا ئەو خۆشگوزەرانییە ئابوورییەی کە لەو شانشینەدا هەیە، دەکەوێتە ژێر فشاری هەرەسهێنانەوە.

هەندێک لە سیاسەتمەداران و نووسەران وا دادەنێن، ئەگەر فشار خرایەسەر خانەوادەی شاهانەی سعودییەوە بۆ لێدانی وەهابییەکان، ئەوە مەترسی ئەوە دێنەپێشەوە، کە هێرشی تیرۆریستانە بۆ سەر ژێرخانە ناسکەکەی پیشەسازی نەوت لەوڵاتەکەدا دەستپێبکات و دواییش ببێتە هۆکارێک بۆ دارمانی شانشینەکە، لەوانەیە بەرەنجامی زۆر لەوەش خراپتری لێبکەوێتەوە، بەشێوەیەک کە وڵاتەکە بەتەنها لەلایەن ڕەگەزپەرستە ئاینەکان کۆنترۆڵبکرێت، لەکاتێکدا کە ئەمانە هەمووی سەرەڕۆیی ترسناکن، نابێت ئەوەش لەبیربکرێت کە لەچاوی وەهابیە توندڕەوەکاندا شانشینەکە (بیرە نەوتەکانی) نێچیرێکی چەورن بۆ ئەوان، لەڕاستیدا عەرەبستانی سعودیە لەژێر پەردەی «وڵاتێکی دۆست» بووە بەبنکەیەکی لەبار بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلامی ئسوڵی چەواشە.

ئەمجۆرە شیکردنەوەیە دەبێتە هۆکارێک بۆ لایەنگرانی ئەو بۆچوونە، یان بەهەڵەداچوونەی کە وا دەخاتەڕوو خانەوادەی شاهانەی سعودیە بەڕاستی لەناخەوە سەر بەڕۆژئاوان، ئەمیر بەندەر بن سوڵتان کە لە 1983 تا 2005 لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باڵیۆزی سعودیە بووە، ڕۆڵێکی گرنگی لە پەردە بەسەرردادانی ڕاستیەکانی تایبەت بەسعودیەو وەهابیەکان هەبووە، دەیڤد ئیگناتۆس ڕۆژنامەنووسی واشنتۆن پۆست دەڵێت ((بەچاپوکی خۆی کارێکی وای کردبوو، کە سەرکردە ئەمریکییەکان تەنانەت سەرۆکەکانیش، ئەوە لەبیر نەکەن کە ئەم نوێنەرایەتی شانشینێکی ئیسلامی دەمکونکەرەی شاراوە دەکات، کە مانەوەیان لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە لەگەڵ سەرکردە وەهابیە توندڕەوەکان، کە سوکایەتی بەئەمریکا دەکەن))

هەروەها بەندەر، کاریگەری تەواوی هەبوو لەوەی کە دانیال پایپس ناوی نابوو «کەلتووری گەندەڵ» کە تیشک دەخاتەسەر ئەو ڕاستیەی، کە بەشێک لەکاربەدەستانی حکومەتی ئەمریکا «توانای کارکردنیان لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە بەوشێوە پڕ لە دووربینی و بایەخپێدانەی، کە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پێویست نییە» پایپس ئاماژە بەوجۆرە دەرگایە دەکات، کە بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە[4]، بۆ چەواشەکردنی ئەو دیبلۆماسی و سیاسەتمەدارانەی کە ڕادەی تاووتوێکردنی کاریان لەگەڵ شانشینی سعودیەدا هەر بەقەوارەی پلەی شوێنە ڕەسمییەکانە، زۆرجار ئەمانە (واتە فەرمانبەرە حکومییەکانی ئەمریکا- وەرگێڕ) دوای تەواوبوونی کارکردنیان بۆ حکومەتەکەیان، بە کاری پلە بەرزو چەور، وەک ڕاوێژکاری کۆمپانیاو پیاوانی خاوەنکارەکانی سعودیە، یان کاری بەڕێوەبردنی ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی کە سعودیە ئەموییلیان دەکات، پاداشتکراون، «ئەگەر ناوبانگ ئەنجامەکەی ئەوە بێت، کە سعودیەکان هەمیشە پاڵپشتی دۆستەکانیان دەبن لەدوای خانەنشین بوونیان»، «تەنها بە هاتنت بۆ بیرۆی کارکردنت، ئەوە سەرت سوڕدەمێنێت لەژمارەی ئەو دۆستە باشانەی کە هەتە».

لەبەرئەوەی ئیدارەی بۆش توانای لێدانی فاشیەتی ئایینی سونەی لەسەرچاوەکەیەوە نییە (کە عەرەبستانی سعودیە)یان نایەوێت بەرەنگاری بڵاوبوونەوەی بێت، بۆیە هەڵمەتێکی بەهێزی بۆ بەدیموکراتیزە کردن گرتووەتەبەر، بەنیازی ڕیشەکێشکردنیان، ئەویش بەخۆشکردنی زەمینە بۆ ئەو بارودۆخە سیاسییە، تا شێوەیەکی جیهانی بەخۆوەبگرێت، لەڕاستیدا لەجیاتی دروستکردنی دامودەزگای سەقامگیرو نەرمتر بەرامبەر بەئیسلامی توندڕەو لەئەفغانستان و عیراق، زیادبوونی توندوتیژی لەئاکامی داگیرکردنی ئەم دوو وڵاتە لەلایەن ئەمریکاوە بووەتە هۆی پەرەسەندنی جیهادی چەکداری.

### کێشەکەی ئێران:

دوای کارە تیرۆریەکەی 9/11 ئیدارەی بۆش لەبێچارەییدا بەرەنگاری سعودیە بووەوە، سەرەتا ئەم بەرەنگاربوونەوەیە ڕووبەڕووی جۆرە نارەزاییەک لەلایەن هەردوو باڵی لیبراڵەکان و محافزکارەکان بووەوە، بەڵام بارودۆخەکە وەرچەرخا بەگرنگیپێدانی زیاتر بەئێرانی شیعەو پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی، مەترسی لەئێران لەسەر ئەمنی نەتەوەیی ئەمریکا، لەچاوی ئیدارەکەیدا، تەنها ئەوەنییە ئەنجامەکەی چۆکدادان بێت بۆ فابۆ فاشیەتی ئاینی سوننی، بەڵکو لەوەش تێدەپەڕێنێت بۆ چۆکدادانی بێچارەو پێویست بۆ بەکارهێنانی سیاسەتی ئیحتیواکردنی عەرەبستانی سعودییە، بەهەرحاڵ هەوڵی هەرە بێوچانی شیعە بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، بێگومان زۆر لەئەمریکاییەکانی بێزارکردووە، سەرباری ئەوەش، مەترسییەکانی لەئێران چەند خاڵێکی تری گرنگ لەخۆدەگرن، لەسەرووی ئەو هەموو وشە توندوتیژانە نارەحەتانەی سەرۆکی ئێران موحەمەد ئەحمەدی نەژاد، ئەوەندەی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ئێران بەئاڕاستەی خواستی نەتەوەیی ئێرانییە، ئەوەندە پەرۆشی باڵادەستبوونی شیعەگەرایی نییە، (بۆ نموونە، پشتگیریکردنی تەهران لە ئەرمەنییە مەسیحیەکان بۆ دژایەتیکردنی دۆستەکانی ئازربایجانی شیعە، زۆر ئاشکرایە) ئەمەش زۆر جێگای سەرسوڕمان نییە، لەبەرئەوەی ئێران (تا پێش سەدەی بیست بەوڵاتی فورس ناسرابوو) لەڕۆژانی بابلیەکانەوە تائێستا بەهەر شێوەیەک بووبێت، بوونی خۆی هەرهەبووە، ئێران هەر نزیکەی 500 ساڵێک دەبێت کە پاڵیداوەتە پاڵ ئیسلامی شیعە، لەکاتێکدا ئەحمەدی نەژاد هەستی نەتەوایەتی خەڵکی ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕۆژئاوا بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی لەکاتی دەستپێکردنی کارە سەرەڕۆییەکان لەسەر ئاستی جیهاندا، تا ئەم خەڵکانەی بەئاسانی لێی هەڵنەگەڕێنەوە، بەڵام پیاوە ئاینییەکانی وەهابیەت، پێناسەی پشتیوانییەکەیان لەخانەوادەی شاهەنی سعودیە بەوەدەکەن، کە شەڕێکی ناچارییە لەپێناو پاراستنی هەڵمەتە تەبشیرییەکانیان لەجیهاندا، نەوەک ئەوان لە ئەجندەی کارەکانیان ناڕواننە فاکتەری «نەتەوەی» سعودییە وەک بەرژەوەندییەک کە ئەرکێکی سەرەکیان بێت، بەڵام ئەمجۆرە تایبەتمەندییە لەئێران بوونی نییە.

لەمەش زیاتر، ئیسلامی شیعە هەرگیز خاوەن ئیسلامیەتێکی فاشی نەبوونە، پیاوانی ئایینی ڕادیکاڵ لەئێران بەرپرس بوونە لەنواندنی توندوتیژی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، بەڵام نەهاتوونەتە ئیسلامی ناشیعە بەو ڕادەیە بە بەرنامە بە ناموسوڵمان بزانن و دەبێت پاکبکرێنەوە، ئەگەر ئەوەشیان کردبێت، بەهۆی ئەوەی ڕێژەی تێکڕایی شیعەکان لە 10%-15%ی سەرجەم موسوڵمانانی جیهان پێکدەهێنن، ئەوە ئەمجۆرە پرۆژانە شتێکی پراکتیکی نەبوون، تەنانەت لەناو شیعەکانی جیهان هیچ کاتێک ئەگەری ئەوە لەئارادا نییە، کە ئێرانییەکان لەسەر ئێوازی وەهابیەکان پاوانی وتاری ئایینی بکەن، لەبەرئەوەی بەپێچەوانەی ئیسلامی سونەوە، ئیسلامی شیعە بەناوبانگن لەڕێکخستنی کاروباری خۆیان بەشێوەیەکی هێشووی (هەرەمی) لێبڕاوانە، شیعەکانی عیراق و لوبنان بەشانازییەوە پاڵپشتی مادی و سەربازی لەئێران قبوڵدەکەن، بەڵام بەتەواوی پابەندن بەدامەزراوە ئیدارەیە تایبەتیەکانی خۆیان.

بۆچوونێکی تری چەوتی گەورە

هەیە، بوونی ئەو بۆچوونەیە کە لەواشنتۆن بەفراوانی بڵاوبووەتەوە، کە پێیوایە پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ عەرەبستانی سعودییە، یەکێکە لەکۆڵەکەکانی ڕوبەڕوبوونەوە لەگەڵ ئێران، بەپێچەوانەوە مەراییکردن بۆ سعودییەکان هەڵسوکەوتکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا ئاڵۆزتر دەکات، ڕەتکردنەوەی ئیدارەی بۆش بۆ ڕوبوڕوبوونەوە ئەو سەرکردە وەهابیانە تا لێپرسینەوەیان لەسەر ئەو دنە دانە خوێناویانە لەگەڵدا بکرێت، کە دژی بەشیعەکان ئەنجامیان داون (کە زۆر زیاتر لەئەمریکییەکان، دەستیان لە لەناوبردنی شیعەکان هەبووە، بەتایبەتی لەعیراق و پاکستان)، ئەمەش بووەتە سەرچاوەیەکی نیگەرانی زۆر لای شیعەکان لەجیهاندا، هیچ جێگای سەرسوڕمان نییە کە گەورەترین دوو خۆپیشاندانی جەماوەری کەوا لەجیهانی ئیسلامدا لەدژی قاعیدە ڕێکخرابێت، لەلایەن شیعەکانەوە بووە، (ئەویش لەتاران و کەراچی پاکستاندا).

شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە کەوا لەمیانی هەڵچوونی ئەو بارەگرژییەی ئەم دواییەی، کە لەنێوان وڵاتە یەکگرتووەکان - ئێران هاتەپێشەوە، بۆ سعودییەکان نەبووە فاکتەرێک بۆئەوەی کەمتر لەجاران دژایەتی عیراق بکەن لەوەی هاوکاری بن، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو ڕاپۆرتانەن کە زۆر بەئاشکرا ئاماژە بەو هەڕەشانەی سعودییەکان دەکەن، سەبارەت بەدابەشکردنی چەک و پارە بەسەر سونە یاخیبووەکانی، لەدۆخێکدا ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق بکشێنەوە، لەڕاستیدا سعودییەکان زۆر زوو ئیدارەی بۆشیان لەوە ئاگادارکردەوە، کە ئەوان هەموو پلانێکی ئەمریکا پوچەڵدەکەنەوە، کە ڕێگا بەشیعەکان بدات باڵادەست بن، ئینجا ئەگەر ئەو حکومەتە لەئاکامی حکومەتێکی دیموکراتی هەڵبژێردراوی عیراقەوە هاتبێتەسەر حوکم، لەهەمانکاتدا چەکدارە سونییەکانیشیان لەوە ئاگادارکردووەتەوە کە لەدژی هەموو هەوڵێکی ئەمریکا بوەستنەوە، ئەگەر چارەسەرێکی سیاسیانەی لەوجۆرەی بەدواوە بێت.

ئێران بەپێچەوانەی ئەو دەسەڵاتەی کە سەدامی سونە لەعیراق هەیبوو، هیچ جۆرە مێژوویەکی دژایەتی ڕاستەوخۆیی بەرامبەر بەدراوسێکانی نییە، ئێران لەهیچ کاتێکدا چەکی کۆمەڵکوژی لەشەڕدا دژ بەدراوسێکانی یان دژ بەهاووڵاتیانی خۆی بەکارنەهێناوە، بەهێزترین فاکتەرێک کە وای لەئێرانییەکان کردبێت لەم بوارەدا وا هەڵسوکەوت بکەن، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر پەرۆشبوونیانە، بۆئەوەی وەک وڵاتێکی خاوەن مێژوو دان بەدەسەڵاتدارێتی دەوڵەتە نەتەوەییەکەیان بهێنرێت، وەک لەڕاستیشدا ئێران وڵاتی خەڵکانێکی ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئێران بەدرێژایی مێژوو منەتی ئەوەی کردووە، کە ببێت بەهێزێکی سەرەکی ئیسلامی لەناوچەکەداو دەشبێت.

**ئەو ڕێگایەی لەبەردەمدایە:**

واشنتۆن دەبێت سەرئەنجام ڕوبەڕووی ئەو ڕاستییە ببێتەوە کە ئەگەر هەوڵی ئەوە دەدات، کە ئێران دەست لەچەکی ئەتۆمی هەڵبگرێت (بەشێوەی باو ببێتە هێزێکی ئیقلیمی ئیسلامی)، ئەوا لەوەناچێت کە ئەو هەوڵانەی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بۆ بچێتەسەر، ئەگەری ئەوە هەیە بۆ ماوەیەکی کورت بۆی بچێتەسەر، بەڵام ئەوە دەبێت لەسەر حسابی دەستبەرداربوونی بێت لەهەوڵەکانی بۆ بەرتەسککردنی بڵاوبوونەوەی فاشی ئایینی سوننە.

باشتروایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگایەکی گونجاو بگرێتەبەر ،کە لەبەرژەوەندی هەردوولا بێت، لەئاست ئەم ڕاستییەدا، نەک لەسەر ئەو بەربەرەکانییە بێئەنجامە بەردەوامبێت، ئەو ڕێگایەش برێتییە لەئامادەبوون بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، بەمەرجێک دەست لەخواستە ئەتۆمیەکانی هەڵبگرێت، نزیکبوونەوەی نێوان ئەمریکاو ئێران ڕێخۆشکەرییەکە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئەمریکا لەبەرامبەر سعودییەدا، هۆیەکیشە بۆ ڕێگەگرتن لەهەڕەشەی تیرۆریستەکانی فاشی ئایینی سونی لەسەر عیراق، هەروەها لەسەر ئاستێکی نزمتریشدا لەئەفغانستان، کاربەدەستانی سعودیە هەمیشە هانی ئیدارەی بۆش دەدەن، کە

گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا نەکەن، لەبەرئەوەی باش دەزانن، کە هەر خاوبوونەوەیەک لەگرژییەکیانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران کاریگەری دەبێت لەسەر هاوکارییەکانیان لەبڵاوکردنەوەی وەهابیەت.

کەمکردنەوەی ڕادەی پشتبەستنی ئەمریکا بەنەوتی سعودییەوە، دەبێت بەشێک بێت لەستراتیجیەتی گشتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی فاشی ئایینی سوننی، سەرباری ئەوەی سەرۆک بۆش پابەندبوونی خۆی بۆ پەرەپێدانی سەرچاوەی وزەی ئەلتەرناتیڤ دەربڕیوە، بەڵام ئەو توانا زیادەیەی سعودییەکان لەبەرهەمهێنانی نەوتدا وایلێکردوون بتوانن لەکاتی پێویستدا نرخی نەوت وەک پشتیوانییەک بۆ ئەمریکا بهێننەخوارەوە، بەڵام ئەم هەنگاوەش لەماوەیەکی دوورودرێژدا کاریگەری نامێنێت، وەک چارەسەرێکی تەواو بۆ چارەسەری وزە، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بەنیازی ڕێکخستنی بەکارهێنانی سوتەمەنی بایەلۆژیە، (ئیپانۆل، دیزل و ڕۆنی بایەلۆجی دروستکراو) کە وا پێدەچێت بۆ ساڵی 2030 تا ڕادەی 30% پێداویستییەکانی نەوتی ئەمریکا دابینبکات، بەڵام بۆ دوارۆژی نزیک و مامناوەندی ئەمریکا، هەر دەبێت پشت بەعەمباری و گەنجینەکانی نەوت ببەستێت.

بۆ بەرەنگاربوونەوەی فاشی ئایینی، پێویست بەهەمان ئەوشێوە ستراتیژیەتە هەمەلایەنە دەکات، کە لەسەدەی بیستەمدا بۆ ڕێگاگرتن لەبڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم بەکاردەهێنرا، بێگومان دەبێت لەپێشەکیدا گۆڕانکاری لەوجۆرە دەستوورانە بکرێت، تا هەموو بەهاو بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان ڕێزلێگیراو بن، چونکە لەکەلێنی پاراستنی مافی تاکەوە هەڕەشە دەکرێنەسەر تەعەددودیەت و ئازادییەکانی تاک، هەموو پێوەرەکانی تری ڕۆژئاوایی، هەروەها هیچ شتێکیش لەدەستوورەکەدا نییە، کە مافی پاراستنی حکومەتە بیانییەکان و هاووڵاتیەکانیان مسۆگەربکات بۆ بڵاوکردنەوەی ئەوجۆرە پەیامەیان لەسەر خاکی ئەمریکا، لەبەشەکانی تری جیهانیشدا، وەک وڵاتە هەژارە موسوڵمانەکان (کە زۆربەیان پشت بەکۆمەکە ئابوورییەکانی سعودیە دەبەستن، یان بەو پارانەی کە ئەو کەسانەی لەوڵاتانی کەنداوی عەرەبی6 کاردەکەن و دەینێرنەوە بۆ کەسوکاریان) ئەوانە هیچ چاوەڕوانی ئەوەیان لێناکرێت، کە ڕیاز بکەن بۆ ڕێگەگرتن و لاوازکردنی وەهابیەکان، چونکە ئەوانە وا سەیری واشنتۆن دەکەن، کە ئەمنی ئەمریکا لەمەترسیدایەو تەنها بۆ لەباربردنی ئەو فشارەی سەریان ئەوانم بەرکاردەهێنرێن.

بەبێ ئەو ملیۆنەها دۆلارو سەرمایانەی کە وەک کۆمەک و پشتیوانی لەلایەن سعودیەوە بۆیان دەستەبەردەکرێت، ئەوە ئەو قەڵا زەبەلاحەی ئایدۆلۆژی و سیاسی و دەروونی فاشیەتی وەهابی خۆی ناگرێت و دەست بەهەرەسهێنان دەکات، بەتایبەتی ئەگەر ئیدارەی ئەمەریکا بەڕێکوپێکی هەوڵەکانی خۆی بۆ یارمەتیدانی دامەزراوە ئیسلامیە میانڕەوەکان بخاتەگەڕ (بەم دووایيانە دامەزراوەی RAND توێژینەوەیەکی سەبارەت بەم بابەتە کردبوو، کەوا چەند ڕاسپاردەیەکی وردی تیادا خستبووەڕوو)، سەرەنجام خراپەکاری (شەیتان) لە وردەکارییەکاندا نییە، ناتەواوی کورتهێنانی بۆچوونەکانی ئیدارەیەکە لەدانانی شێوەی بەرەنگاربوونەوەی فاشی ئایینی، نەک کەموکورتی لەشێوازی بەرفراوانی بەرەنگاربوونەوەکە کە ئەمنی ئەمریکا دەخاتەبەر هەڕەشەوە.

* نووسەر بەپێچەوانەی ئەوشێوازە باوەی کە ڕۆژئاوایی و ئەمریکییەکان هەیانە، سەبارەت بەناوهێنانی ناوچەی کەنداو بە کەنداو فارسی، ئەو هاتووە لەم نووسینەدا بە کەنداوی عەرەبی THE ARAB GULF ناوی هێناوە.